ئەم كاتەتان باش!
بە خێر بێن بۆ کەڵك وەرگرتن لە خزمەتگوزاری کایەکانی "ئێکا پلی". بۆ کەڵکوەرگرتن لەم خزمەتگوزارییە دەبێ خۆتان ناونووس بکەن لە سایتی ئەم خزمەتگوزارییەدا لەو شوێنەیدا کە بە فنلاندی نووسراوە:

**Ilmoittaudu käyttäjäksi**

واتە ناوی خۆت وەك کەڵکوەرگر تۆمار بکە. لە کاتی خۆتۆمارکردن دا مەرجەکانی کەڵکوەرگرتن قەبووڵ دەکەیت. دوای پڕکرنەوەی فورمی خۆتۆمارکردن وشەی نهێنی بۆ چوونە ژوورەوەت بۆ بەڕێ دەکرێت بە ئادرەسی ئیمایلەکەت.ئەگەر لە ماڵەوە لەم یارییە کەڵکوەردەگریت وەك دایك یا باوکی منداڵەکە ناوی خۆت تۆمار دەکەیت. ئەگەریش ئەم یارییە لە خوێندنگە دەکرێت، وەك مامۆستا یا لێکۆڵەر خۆت تۆمار دەکەیت.

لە کاتێك دا وەك کەڵکوەرگر خۆت تۆمار دەکەیت ، ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە سەر خۆت پڕدەکەیتەوە، زانیارییەکان دەبی لە سەر ئەو کەسە گەورەساڵە بێت کە چاوەدێری وڕێنوێنی یاریکردنی منداڵەکە دەکات.

ناوی ڕێنوێن

فامیلی ڕێنوێن
ئادرەسی ئیمەیلەکەت (بۆ دڵنیا بوون دوو جار دەینووسی)

ئادرەسی ماڵەکەت
ژمارەی پۆستەکەت
شاری شوێنی ژیان
تەلەفوون
زانیاری زیاتر
کۆدی کومپیوتری پێداچوونەوە (لە سەر مونیتۆرەکەت دەبینرێت)

.

دوای خۆتۆمارکردن لە ڕێگەی ئیمایلەکەتەوە ناوی نهێنی و لینکێکت بۆ دەنێردرێت، لە ڕێگەی ئەم لینکەوە دەتوانی وشەی ڕەمز بۆ خۆت دروست بکەیت. دوای ئەمە کەڵکوەرگرزانیارییەکانی ئەو منداڵەی کە یاریەکە دەکات ،پڕ دەکاتەوە. ناوێك بۆ خۆت دیاری کە و پاڵەوانی یارییەکەت هەڵبژێرە، بە شوێن ئەمانەدا یارییەکە دەست پێدەکات

لە سەفحەی یەکەمی سایتی "ئێکاپلی"دا ،بە کلیك کردن لە سەر ڕەسمەکان دەتوانیت بڕۆیتە ئەم سەفحانەی ترەوە
زانیاری زیاتر لە سەر "ئێکا پلی" لە لاپەڕەی "خزمەتگوزاری لوکی مات"دا
ڕێنوێنیگەلێك بۆ کەڵوەرگرتن لە "ئێکاپلی"
پێوەندی گرتن بە بەشی ڕێنوێنی و یارمەتیدان بۆ یاری"ئێکاپلی"
شوێنی خۆتۆمارکردن وەك کەڵکوەرگر
گۆڕانی وشەی ڕەمزیی لە بیرچوو(واتە ئەگەر وشە ڕەمزیەکەت لە بیر چووە، دەتوانی بیگۆڕیت)